دیانا حەداد بۆ گوڵان:

# ئامادەم بێم لە کوردستان گۆرانی بڵێم

دیانا حەداد خاوەن دەنگێکی چیایی و کاریگەرە، لە هەموو شێوازەکانی گۆرانـــی لوبنانی و کەنداوی و زاراوەکانی تر سەرکەوتووە و بە هەمان ئاســـت گۆرانی دەڵێ، جەماوەرێتی تەنیا لە سنووری وڵاتی لوبنان نەگیرساوەتەوە، بەڵکـــو لـــە هەمـــوو وڵاتە عەرەبییـــەکان و بگرە غەیرە عەرەبییەکانیـــش جەماوەری خۆی هەیـــە. دوای گوتنی گۆرانی (باگیە) کە ئاوازەکەی کوردییـــە و ئاوازدانەرەکەشـــی هونەرمەندێکـــی رۆژئـــاوای کوردســـتانە زیاتر لای جەماوەر ناسرا، چونکە ســـەرەڕای ئەوەی زمانی گۆرانییەکـــە عەرەبی بوو، بەڵام هەر کوردێك گوێی لێ بووبێت هەستی بە روحێکی کوردی کردووە لەم گۆرانییەدا و لە لای گۆرانییەکەی نامۆ نەبووە، لە ڕێگای هاوڕێیەکی رۆژنامەنووس لە لوبنـــان توانیم ئیمێلی تایبەتی وەربگرم هەر بۆیەش لە یەکەم ئیمێلدا دوای ئەوەی خۆم پێ ناســـاند کەوا لە کوردســـتانەوە پەیوەندی پێوە دەکەین خۆشـــحاڵی خۆی دەربـــڕی لە هەمان کاتدا ئامادەیی خۆی دەربڕی کە وەڵامی هەموو پرسیارەکانمان بداتەوە، بەڵام گوتی ئێستا سەرقاڵی چەند کارێکی هونەریم بۆیە پێویســـتە هەندێك ماوەم پێ بدەی، بەم دواییەش لە ڕێگای پاوڵا حەداد کە هەڵسوڕێنەری کارەکانیەتی لـــە لوبنان دووبارە پەیوەندیـــم پێوە کردەوە، ئەوەبوو دوای چەند رۆژێك بە سوپاســـەوە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.




دیمانە/ خەلیل بلەیی
Xalil2001@yahoo.com

*** ئایـــا ئەو ژینگەیـــەی تێیدا ژیاوی چ کاریگەرییەکی هەبوو لەســـەر دەرکەوتن و ناسینی زیاتری تۆ؟**

- زۆر گرنگ نەبووە بۆ من ئەو ژینگەیەی تێیـــدا ژیـــاوم رۆڵـــی هەبووبێت لەســـەر پەرەپێدانی بەهرە و تواناکانی خۆم، چونکە بەهرەی گۆرانی گوتن و دەنگخۆشی پشت بە ژینگە نابەســـتێت، بەڵکو بەهرە لەگەڵ مرۆڤ لەدایك دەبێت.

بوونم لە کوێت تا رادەیەك لە هونەری دوور خســـتمەوە، بەڵام کە گەڕامەوە لە ساڵانی ١٩٩٢ و ١٩٩٣ یەکسەر چووم بۆ (ستۆدیۆ الفن) و ســـوپاس بۆ خوا سەرکەوتم و لەو رێگایەشەوە یەکەم هەنگاوی هونەری من دەستپێکرد، بەڵام هەنگاوی راستەقینەی من لە ئەلبوومی (ســـاکن) بوو، بۆیە وەك گوتـــم بەهرە لەگەڵ مرۆڤ لەدایك دەبێت و پەیوەندی بە ژینگەوە نییە، بەڵام رەنگە دەوروبـــەر کاریگەرییـــان هەبێت ئەگەر کەســـانی دەنگخۆش هەبن، باوکم دەنگی خۆشـــە، هەروەهـــا خزمەکانی باوکیشـــم هەموویان دەنگیان خۆشە.

***ســـەرەتاکانی هاتنـــە ناو بـــواری وەك پیشـــەگەر و وەك مرۆڤێکی ئاسایی چۆن بوو؟**

- کە من منداڵ بووم حەزم دەکرد گۆرانی بڵێم ولەســـەر تەختەی شـــانۆ دەرکەوم و بەشداری لە پێشبڕکێ هونەرییەکاندا بکەم، یەکەم دەرکەوتنیشم لە کەناڵی (L.B.C) بوو لە چوارچێوەی بەرنامەی (ســـتۆدیۆ الفن) و بەشـــداریم لـــە چەندین ئاهەنگی گۆرانیـــدا کرد لە لوبنان ئـــەو کات تەنیا وەك (هـــاوی) گۆرانیـــم دەگوت و هیچ ئەلبوومێکم بڵاونەکردبۆوە بە شـــێوەیەکی رەســـمی، وەك پێشـــتر گوتم دەستپێکردنی رەسمی من لە یەکەم ئەلبووم بوو لە ساڵی ١٩٩٦ بەناوی (ســـاکن) و لەو کاتەوە وەك پیشەگەرێك دەستم بە گۆرانی گوتن کرد، ئێســـتاش دوای نزیکەی ســـێزدە ساڵ و بڵاوکردنەوەی یـــازدە ئەلبووم بەردەوامم لە کاری هونەری .

***گۆرانی (گیر الیمامە) چ کاریگەرییەکی هەبوو لەسەر کاروانی هونەری تۆ؟**

- ئـــەم گۆرانییە بە یەکەم گۆرانی دادەنێم لە ژیانـــی تایبەتی خۆم کـــە لە رێگای بەرنامەیەك پێشکەشی بکەم، من بەشداریم لە بەرنامەی (ســـتۆدیۆ الفـــن)دا کرد بە گۆرانییەکی تایبەت نەك بەوەی گۆرانی هونەرمەندێکی دیکە بڵێمەوە، ئەم گۆرانییە لە ئاوازی مامۆستا یاسر ئەبو غەزالە بوو، هەر بەم گۆرانییەش دەرکەوتوم و خەڵك بەو گۆرانییە بە دەنگێکی نوێ ئاشـــنا بوون و بۆ منیش دەرکەوت کە چ شێواز و ستایلێك لەگەڵ دەنگی من زیاتـــر گونجاوە، وەك رێزلێنانێك بۆ مامۆستا یاسر ئەبو غەزالە کە بووە هۆی ئەوەی بۆ یەکەمجار من لەسەر تەختەی شـــانۆ بووەستم ئەم گۆرانییەم لە یەکەم ئەلبوومی خۆمدا دابەزاند، ئێستاش هەر دەیلێم و پێگەیەکی زۆر گرنگی هەیە لە ژیانی هونەری مندا.



*** لە ســـاڵانی نەوەدەکان و لە ســـەرەتای ســـەدەی نوێدا تـــۆ زۆر لـــە دەزگاکانی راگەیانـــدن دەردەکەوتـــی، بـــەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ئێستا وەك جاران دەرناکەوی ئایا هۆکاری ئەمە چییە؟**

- بـــە پێچەوانەوە رەنگە ئێســـتا دەرکەوتنم لەبـــواری راگەیاندنەوە زیاتـــر بە پلان و بەرنامەیەکی دیاریکراوبێت، کاتی گونجاو هەڵدەبژێـــرم بۆ دەرکەوتن لـــە دەزگاکانی راگەیاندن یاخود ئەگـــەر بابەتێکم هەبێت شـــایەنی باس کـــردن بێـــت وەك ئەلبووم یان کارێکی نوێ، ئەمـــەش بۆ رێزگرتنم لە هونـــەر و جەماوەرەکـــەم دەگەڕێتەوە، پێم باشـــە دەرکەوتنم لەو کاتانەدا بێت کە شـــتێکم هەبێت بتوانم باسی لێوە بکەم لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە، دەرنەکەوتن و ون بوونیشم بە شـــێوەیەکی زۆر نەبووە ئەگەر ون بووبم ئەوە لەبەر سکپڕی و منداڵ بوون و خـــۆ ئامادەکردن بووە بۆ کاری نـــوێ، وەك رایەکی تایبەتیش پێـــم باشـــە هونەرمەند زۆر دەرنەکەوێت تەنیا لەو کاتانە نەبێت کە کارێکی نوێ هەبێت باسی بکات، من جەماوەری خۆم وا راهێناوە من لـــە ماوەی سێزدە ســـاڵدا یازدە ئەلبوومم پێشـــکەش







کردووە، هەروەها لە کاتی پێشکەشکردنی گۆرانی نوێی سینگڵیش بە هەمان شێوە بووە، هەر کاتێك کارێکی نوێشم هەبوویێت بە پێی بەرنامە و پلانێکی دارێژراوەوە دەزانم چۆن دەرکەوم.

*** ئایا سوهێل عەبدول وەك هاوسەر و هونەرمەند چ ڕۆڵێکی هەبووە لە سەرکەوتنی تۆدا لە بواری هونەرەوە؟**

- بێگومان ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو و کاریگەرییەکی ئیجابی هەبووە لە سەرکەوتنی من و گەیشتنم بە قۆناغی سەرکەوتوو لە ژیانمدا، بەڵام لە کۆتاییدا هەر راستی رۆڵی خۆی دەبینێت پێویستە هونەرمەند خاوەن بەهرەی دەنگخۆشی بێت کە زۆر سەرەکییە ئینجا رۆڵی کەسانی دەوروبەر دێت لە سەرکەوتن، هەروەها هەندێك هۆکاری دیکەش رۆڵیان هەبووە لە گەیشتنم بەو ئاستەی ئێستا، هاوسەرم وەك هونەرمەند زۆر پشتگیری کردم، بەڵام لەم ماوەیەی دواییدا خەریکی کاری تایبەتی خۆیەتی بۆیە من خۆم کارەکانم ئەنجام دەدەم سوپاس بۆ خوا شارەزاییەکی زۆرم پەیدا کردووە.

*** زۆر گۆرانیت بە شێوەزاری کەنداوی گوتووە ئایا ئەم گۆرانیانە گرفتیان بۆ دروست نەکردووی بەتایبەتی لە لایەن هونەرمەندەکانی کەنداو بەتایبەتی ئافرەتەکان؟**

- نەخێر تووشی گرفت نەبوومەتەوە، من زۆر بە باشی شێوەزاری کەنداوی دەزانم بۆیە جەماوەر کەنداو زۆریان پێخۆش بووە گۆرانییەکانیان بە دەنگێکی لوبنانی ببیستن کە زۆر بە باشی دەیڵێ، بە پێچەوانەوە هەمیشە داوام لێدەکەن گۆرانی زیاتر تەنانەت ئەلبوومی تەواویش بە شێوەزاری کەنداوی بڵێم، ئەم باش زانینەی شێوەزاری لوبنانیش رەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە من ماوەیەکی زۆر لە کوێت بووم ئێستاش لە ئیمارات نیشتەجێم و دەزانم جەماوەری کەنداو چ جۆرە گۆرانییەکیان دەوێت، سەبارەت بە گۆرانیبێژە ئافرەتەکانی کەنداویش وابزانم هەموویان بەشێوەیەکی ئیجابی باسی منیان کردووە، بەڵام ئەوەی بۆ من گرنگە بە پلەی یەکەم جەماوەرە و تەنیا جەماوەر دەتوانێت هونەرمەند هەڵبسەنگێنێت و بڕیاری خۆی لەسەر ئەوە بدات کە گۆرانییەکەی بە باشی پێشکەش کردووە یان نا؟ .

*** گۆرانی (باگیە) لەلای ئێمە لە کوردستان بە یەکێك لە گۆرانییە سەرکەوتووەکانی تۆ دادەنرێت و جەماوەرێکی زۆری هەیە، ئایا تۆ دەتزانی کە ئاوازەکەی کوردییە؟**

- ئەوەی راستی بێت نەمدەزانی گۆرانی (باگیە) کە بە ئەسڵ کوردییە، بەڵام دەمزانی ئاوازدانەرەکەی کە (رێبەر وەحید)ە کوردی سوریایە و پێشبینیشم نەدەکرد بەو شێوەیە سەرکەوتوو بێت، بەڵام بە یەکێك لە گۆرانییە خۆشەکانم دادەنرێت کە زۆر خۆشەویستە لە لام، من گۆرانی دیکەشم گوتووە رەنگە فۆلکلۆری سریانی یان عێراقی یان لوبنانی بێت ئەمەش کارێکی زۆر ئاساییە کە ئێمەی هونەرمەندان گۆرانی و فۆلکلۆر بڵێینەوە و زیندووی بکەینەوە بۆ ئەوەی بۆ نەوەی نوێ گوێیان لە گۆرانییە خۆشەکان بێت بە دەنگی ئێمە.

*** چۆن ئەم گۆرانییەت هەڵبژارد؟**

- من و رێبەر وەحید کارمان پێکەوە کرد و بە حوکمی کارەوە لە یەکتری نزیك بووین گوێمان لە گۆرانییەکە گرت ئەوە بوو بە دڵمان بوو بەو شێوەیە تۆمارمان کرد لەگەڵ گۆرانی (شاگر) کە ئەویش لە ئاوازی رێبەر وەحیدە .

*** گۆرانی (باگیە)ت بە شێوازێکی زۆر سەرکەوتوو پێشکەش کرد، ئەگەر گۆرانی دیکەی کوردیت پێشکەش بکرێت ئامادەی بیڵێی؟**

- بێگومان دەیڵێم ئەگەر ئاوازێکی کوردی خۆش هەبێت بزانم شتێکی نوێ دەخاتە سەر کاروانی هونەری من و کاریگەرییەکی ئیجابی هەبێت ئەوا لە لای منەوە هیچ گرفتێك نییە، بە پێچەوانەوە زۆر شانازیشی پێوە دەکەم، لای من زۆر گرنگە گونجانێکی تەواو هەبێت لەنێوان ئاواز و هۆنراوە .

*** ئایا جیاوازی لەنێوان گۆرانی لوبنانی لە ساڵانی نەوەدەکان و ئەوانەی ئێستا پێشکەش دەکرێن لە چیدا دەبینیتەوە؟**

- رەنگە لە بواری دابەش کردنی گۆرانییەوە گۆڕانکاری تێدا دروست بوویێت و دەنگی زیاتریش پەیدا بووبن، لە نەوەدەکاندا تەنانەت دەزگاکانی راگەیاندنیش وەك ئێستا زۆر نەبوون، هەروەها ئاستی گۆرانییەکانیش

گۆرانـــکاری بەســـەردا هاتووە راســـتە ژمـــارەی هونەرمەندان لە هەردوو رەگەز زۆر بووە، بەڵام دەنگی خۆش و دەگمەن کە دیار و بەرچـــاو بن زۆر نین، لەگەڵ رێزم بۆ هەموویان بەداخـــەوە بەم دواییە دەنگە بـــاش و خراپـــەکان تێکەڵ بوون، هەرچەندە هێشتا هەندێك دەنگی خۆشیش هەن، لە ئەنجامدا جۆرە قەرەباڵغییەك لە گۆڕەپانی هونەریدا بەدی دەکرێت، بەڵام لە کۆتاییدا راســـتی هەر دیار دەکەوێ و دێتەوە ســـەر ئاراستەی خۆی و جەماوەر رێز لە هونەرمەندانـــی خۆی دەگرێت و دەتوانێـــت ئەوانەی لەســـەر بنەڕەتێکی راست بنیاتنراوە و بە زیندووی دەمێنێتەوە و بەردەوام دەبێت جیا دەکاتەوە لەوانەی کە وەك با دێن و دەڕۆن جیا بکاتەوە .

*** ئایـــا پێت وایە ئەو هونەرەی ئێســـتا پێشکەش دەکرێت هونەرێکە لە ئاستێکی نزم دایە بە بەراورد لەگەڵ ئەو هونەرەی کە لە سەرەتای هەشـــتاکان و نەوەدەکان پێشکەش دەکرا؟**

- ئێمە نابێ هەر شـــتێك روویدا بیخەینە ئەســـتۆی هونەر، چونکـــە هونەری نزم نییە بەڵکو هەندێك کەس هەن کە بەوەی پێشکەشی دەکەن وێنەی هونەریشیان پیس کردووە و زڕاندووە و بەردەوامیشن، ئەمەش بۆ ئێستا ناگەڕێتەوە بەڵکو لە هەشتاکان و نـــەوەدەکان و تەنانەت پێشـــتریش ئەم دیاردەیە هەر هەبووە، هەمیشە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا کەســـانی باش و خراپ هەنن بەڵام بەداخەوە لەم ماوەیەی دواییدا دەرفەتێکی زۆر بۆ ئەم دەنگانە( ناتوانین بڵێیـــن هونەرمەندان) دەڕەخســـێت، چۆن دەرفەت بـــە هونەرمەندان دیکە ئەوانەی خاوەن بەهرە و هونەرێکی ئاســـت بەرزدان بە هەمان شـــێوە بەمانەش دەدرێت، بۆیە هونەر گۆڕاوە و ئەو کەســـانە وێنەکەیان زڕاندووە هۆکاری ئەوەن.

***چەندین گۆرانی دویتۆت پێشـــکەش کردووە لەگەڵ هونەرمەندان وائیل کفوری و شـــاب خالد، ئایا پرۆژەی دیکەی لەم شێوەیە لە ئارادایە؟**

- بەڵێ لەگەڵ وائیل کفوری گۆرانییەکی تایبەتم پێشـــکەش کرد، هەروەها لەگەڵ شـــاب خالـــد گۆرانییەکمان بـــە دویتۆ پێشکەش کرد سەرکەوتنێکی زۆر گەورەی بەدەستهێنا، و چەندین گۆرانی دیکەم بە هاوبەش پێشکەش کردووە وەك ( لو یسالونی و جرح الحبیب)م پێشکەش کرد لەهەمان کات لەگەڵ گۆرانییـــەك لەگەڵ جاد نەخلە، کارێکی دیکەی دویتۆم لەبەر دەستە ئێستا خەریکی خوێندنەوەی ناوەڕۆکەکەیـــم و لە پەیوەندی بـــەردەوام دام لەگەڵ کچە گۆرانییەکی ئەمریکی، بەڵام تا ئێستا مەســـەلەکە یەکلایی نەبووەتەوە، هەر کاتێك تەواو بوو ئـــەوا لەدەزگاکانی راگەیاندن رایدەگەیەنـــم و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانـــی لێ ئاگادار دەکەمەوە، بەڵام پێم باشە ئێستا باسی نەکەم.

*** تۆ خەڵکی لوبنانی و هاوســـەرەکەت ئیماراتییـــە، بۆ تۆ کام وڵات خۆشـــترە و بۆچی؟**

- مـــن بـــە ئەســـڵ لوبنانیـــم و هەڵگری رەگەزنامەی ئیماراتیم و هاوسەرەکەشـــم بە ئەســـڵ ئیماراتییە، هەر وڵاتێك تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، وڵاتی من لوبنانە و شـــانازیی پێوە دەکەم و بە ئەســـڵ خەڵکی باشوورم و هەمیشە سۆز و خۆشەویستیم بۆ وڵاتی خۆم هەیە و سەردانی دەکەم، ئیماراتیش یەکێکە لەو وڵاتە خۆشانەی کە زۆر خۆشمدەوێت و خەڵکـــی ئیمـــارات بە خەڵك و خۆشەویســـتی خـــۆم دەزانم و کچەکانیشـــم هەڵگری رەگەزنامەی ئیماراتین، بۆیە هەر وڵاتێك بە شـــتێك جیاوازە و دابونەریتی تایبەتی خۆی کە لە زۆر شـــتەوە ئێمەی عەرەب لە یەکەوە نزیکین و پەیوەندییەکمان هەیە کە پێکەوەمان دەبەستێتەوە.

*** لە خانەوادەکەی ئێـــوە تەنیا تۆ هاتوویتە نێو بواری هونەرییەوە؟**

- بەڵێ تەنیا من گۆرانیبێـــژم هەرچەندە باوکم دەنگی زۆر خۆشـــە، بەڵام تەنیا من وەك پیشـــەگەر گۆرانیم گوتووە و بەردەوامم.

***جگە لـــە گۆرانی گوتن حەز لە چی دەکەی و کاتەکانی دەست بەتاڵی چۆن بەسەر دەبەی؟**

-زۆر حەزم لە گەشـــت و وەرزشە بە هەموو جۆرەکانییـــەوە، ئەگەر کاتـــی بەتاڵم هەبێت لەگەڵ دۆست و خزم کچەکانم بەســـەری دەبـــم وەرزش ئەنجام دەدەم، دەچمە ســـینەما و ئەگەر ئاهەنگ و چاوپێکەوتنیشم هەبێت ئەنجامیان دەدەم.





***حەزت لە چ جۆرە خواردن و رەنگێکە؟**

- زۆر حەزم لە خواردنی لوبنانییە بە شێوەیەکی گشتی، هەروەها حەزم لە خواردنی چینی و هەندێك خواردنی چێشتخانە و خواردنی کەنداوییە، حەزم لە رەنگە تۆخەکانە وەك رەشە، هەروەها حەز لە رەنگی سپی دەکەم کە پێچەوانەی رەشە لەگەڵ زەیتی و پەمەیی.

***خۆشترین وڵات کوێیە کە سەردانت کردبێت؟**

- گشت وڵاتانی ئەوروپام خۆشدەوێت بەتایبەتی سویسرا و فەرەنسا، لوبنانیشم زۆر خۆشدەوێت، بێگومان هەر وڵاتێکیش تایبەتمەندێتی خۆی هەیە.

*** ئەو ئاواتە تایبەتیانەی دیانا حەداد چین کە تا ئێستا بەدی نەهاتوون ؟**

- پێموایە لە ژیانی مرۆڤ هیچ کاتێك هەموو ئاواتەکانی نایەنە دی، لەسەر ئاست گشتی هیوادارم ئاشتی و ئارامی باڵی بەسەر دڵ و ماڵم و ناوچەکەماندا بکێشێت بەتایبەتی لە عێراق و لوبنان و فەلەستین، لەسەر ئاستی تایبەتیش لە خوا داواکارم بتوانم کچەکان بە پەروەردەیەکی ساغلەم پەروەرد بکەم و سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بهێنم لە سەرتاسەری دونیا نەك تەنیا لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی و هیوادارم ئەلبوومی داهاتووم زۆر سەرکەوتوو بێت، چونکە زۆر پێوەی ماندوو بووم.

*** پرۆژە داهاتووەکانی هونەریت چین؟**

- ئێستا خەریکی خۆ ئامادە کردنم بۆ ئەلبوومی نوێم کە لە کۆتایی هاوین بڵاودەکرێتەوە، کە چەند گۆرانییەکی تێدایە شێوەزاری لوبنانی و کەنداوی .

*** مادلین مەتەر لە دیمانەیەکدا دەڵێ راوێژ بە تۆ دەکات لە زۆر شتن نهێنی ئەم هاوڕێیەتییە لەچیدایە؟**

- مادلین بۆ من لە هاوڕێ زیاترەو من بە خوشکی خۆمی دەزانم، خۆشەویستی و ڕێزگرتن لە یەکتری کۆمان دەکاتەوە و یەکێکە لەو هونەرمەندە کەمانەی کە من بەردەوام لە پەیوەندیدام لەگەڵی چ لە لوبنان بم یان لە دەرەوەی، هیوای سەرکەوتنی بەردەوامی بۆ دەخوازم، لەبەر ئەو خۆشەویستییەی لەنێوانماندا هەیە هەمیشە دڵمان بۆ یەکتری کراوەتەوە و راوێژ بە یەکتری دەکەین.

*** لە کوردستان چەند گۆرانی فۆلکلۆری کۆنمان هەیە کە زۆر دوور نییە لە فۆلکلۆری لوبنانی ئایا هەوڵت نەداوە سوودیان لێ وەربگری؟**

-ئەوەی راستی بێت نەخێر، بەڵام ئەگەر کارێکی وام پێشکەش بکرێت بە شانازییەوە قبوڵی دەکەم ئەگەر بزانم تێیدا سەرکەوتوو بم و ببێتەوە هۆی ئەوەی شتێکی نوێ بخاتە سەر کاروانی هونەری من دەیڵێم، چونکە ئێمەی هونەرمەندان پێویستە لە هەموو بوار و زمان و شێوەزارێکدا شارەزا بین جا لە هەر شوێنێك بن.

*** ئایا زانیاریت هەیە کە تۆ خاوەن جەماوەرێکی زۆری لە کوردستان و چیت بۆیان هەیە؟**

- لە ڕێگای گۆڤارە بەڕێزەکەتانەوە بە جەماوەرەکەم دەڵێم لە کوردستان زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەو خۆشەویستییە، ئێوەم زۆر خۆشدەوێت هیوادارم ئەو دەرفەتەم بۆ بڕەخسێ لە داهاتوویەکی نزیکدا سەردانی کوردستان بکەم، هیوادارم لە ڕێگای گۆڤارەکەی ئێوەوە بتوانن بانگهێشتمان بکەن بۆ کوردستان و چەند ئاهەنگێك ساز بکەم و چاوم بە جەماوەرەکەم بکەوێت و گۆرانییە کۆن و نوێیەکانی خۆمیان پێشکەی بکەم، هیوادارم بتوانم بەردەوام بم لە سەرکەوتنەکانم و ئەلبوومی داهاتووشم سەرکەتوو بەدەست بهێنێت.



## دیانا حەداد
## لە چەند دێڕێکدا

دیانا جۆزێف فوئاد حەداد لە١ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٦ لە گوندێکی بچووك بە ناوی بەسالیم لە باشووری لوبنان لە دایکبووە، بەوە ناسراوە کە گۆرانی پۆپ بە شێوازی رۆژهەڵاتی دەڵێ.

خوشك و براکانی دیانا ئەمانەن: لۆلیتا، دانی، فادی، سەمیر و دیانا لە ریزبەندی سێیەم دێت، لە ساڵی ١٩٩٩ دایکی کۆچی دوایی کردووە، لە ساڵی ١٩٩٥ چاوی بە سوهێل عەبدول کەوت کە دەرهێنەرێکی ئیماراتییە و خۆشەویستییەك لەنێوانیان دروست و لە ساڵی ١٩٩٥ کە تەمەنی ١٩ ساڵ ژیانی هاوسەری لەگەڵ سوهێل عەبدول پێکهێنا، لە تەمەنی ٨ ساڵیدا بەهرە هونەرییەکانی دەرکەوتن، یەکەم کلیپیشی سوهێل عەبدول کاری دەرهێنانی بۆ کرد بەناوی (ساکن) دوایین کلیپیش کە سوهێل عەبدول دەریهێنا، دیانا دایکی دوو کچە بەناوی سۆفی کە لە ساڵی ١٩٩٦ و مێرا کە لە ساڵی ٢٠٠٧ لە دایکبووە،دیانا ناوی سۆفی لەنێو ٤ ناودا هەڵبژارد کە لە تیروپشك دانرابوون .

دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ دیانا لوبنانی جێهێشت و رووی لە کوێت کرد و بۆ ماوەی ١٤ ساڵ لە وێ مایەوە و دوای ئەوەی خوێندنی لە بواری کۆمپیتەر تەواو کرد لە ساڵی ١٩٩٢ گەڕایەوە لوبنان و دەستی بە کاری هونەری کرد، لە ساڵی٢٠٠٨ ئەلبومێکی بڵاوکردەوە کە هەمووی گۆرانی کەنداوی بوون و بەم دواییەش گۆرانی (یاعیبو)ی تۆمار کرد و بە کلیپ یڵاوی کردەوە.

## قادر ئەسعەد بۆ گوڵان:

# نازانم بۆچی کە میللەتانی دیکە گۆرانییەکانمان دەڵێنەوە کەس قسە ناکات



ماوەی نزیکەی سی ساڵە هونەرمەند قادر ئەسعەد لە بواری گۆرانی و مۆسیقادا بە هەموو شێوەیەك خزمەت بە هونەری کوردی دەکات، لە کاتێکدا کوردستانی جێهێشت لەدوای راپەرینی پیرۆزی خەڵکی کوردستان و وەك زۆر لە رۆڵەکانی ئەو وڵاتە رووی لە هەندەران و غەریبی کرد، ئەو کات گۆرانیبێژ وەك ئێستا زۆر و بەربڵاو نەبوو و گۆرانی باش دەگمەن بوو و هەر کەسێك بە ویستی خۆی نەیدەتوانی مل بداتە گۆرانی گوتن و خۆی بە گۆرانیبێژ بناسێنێ، چونکە جەماوەر سەنگی مەحەك بوو جگە لەوەش کەس ئەو مافەی بە خۆی نەدەدا هەر چۆنێك و لە چ ئاستێکدا بێت گۆرانی بڵێت.

تا ئێستا چەندین جار گەڕاوەتەوە کوردستان و زۆر جار هاتنەوەشی بە مەبەستی ئەنجامدانی کاری هونەری بووە دوایینیان بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئەلبوومی (کەرکوك) بوو کە دوایین ئەلبوومی بووە، ئێستاش ماوەیەکە گەڕاوەتە شاری هەولێر، بۆیە بە پێویستمان زانی سەردانی بکەین و ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ساز کرد.

*فۆتۆ: کەمال ئاکرەیی*

***ماوەیەکی زۆرە ڕووت لە وڵاتی سـوید کردووە ئەو کاتــە گۆرانییەکانت بە تۆپ دادەنران ئەگەر هەر لە کوردستان بوویتایە ژیانی هونەریت چ جیاوازییەکی دەبوو؟**

_هیچ جیاوازییەکی نەدەبوو،لەبەر ئەوەی لەکاتــی خۆی گۆرانییەکانم بە شـێوەی تۆپ بوون لەوانە گۆرانی خاتوونەکەم،من دەرویشـم،ئەو مەوالەی شیعری عەبدووڵلا پەشـێو قڕمان دەکــەن قورتان بەســەر. دەتوانم بڵێم ئەو کاتەی لە کوردستان بووم گۆرانییەکانی لەو شێوەیەم زیاتر بوون،ئەو کاتــە بەو شـێوەیە گۆرانیبێـژ نەبوون و هونەرمەندی زۆر نەبوون،پێم وانییە ئەوروپا کاریگەرییەکــی زۆری هەبووبێت لەســەر ژیانی هونەریم.لە ئەوروپا زیاتر هونەرمەند دەناســرێت،هەموو کوردســتانییەکان دەتبینن،کە من ڕۆیشتم لێرە هێشتا سەتەلایت نەبوو،سنوورەکان داخراو بوون،کە لە ئەوروپا گۆرانیم دەگوت کوردی کوردستانی باکور و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات گوێیان لەدەنگی مــن دەبوو. واتە دەنگت زیاتر بڵاو دەبووەوە و زیاتر خەڵکت دەبینی و ســەفەرت دەکرد لەم شێوەیەدا جیاوازی هەبوو،بەڵام لەڕووی کارکردنی هونەری پێم وانییە جیاوازییەکی زۆری هەبووبێــت بێجگە لە ســتۆدیۆ و لایەنی تەکنیکی،بەڵام شتەکانی تر هەمان شت بوون.

***زۆر کەس دەڵێن قادر ئەسعەد گۆرانیبێژی عەشــق و عاشــقانە تۆ بــۆ ئەمە چی دەڵێیت؟**

_من قەت باوەڕ ناکەم هەرچەندە خۆشــم وەها تێدەگــەم ئەگــەر وابووایە لەڕۆژی عەشــق دا گۆرانی قادر ئەسعەد لێ دەدرا ئێســتا دەبینم بە پێچەوانەوە گۆرانی وەها لێ دەدرێت کە هیچ پەیوەندی بە عەشقەوە نییە.من گۆرانیم بۆ عەشــق گوتووە و تا گۆرانیــش بڵێم گۆرانی بۆ عەشــق دەڵێم من ئەمە بە ڕێچکەیەکــی تایبەتی خۆم دەزانم وەکو هەڵبژاردنی تێکست، خەڵك ئەو نازناوەی داوە بە من بەڵام ڕاگەیاندنەکان تا ئێستا نەگەیشوونەتە ئەو بڕوایەی یان بۆیان ساغ نەبۆتەوە کێ زیاتر گۆرانیی بۆ عەشق گوتووە،کــێ زیاتر گۆرانی بۆ نیشــتمان گوتووە یان گۆرانی بۆ شــتە جیاوازەکان گوتووە،ئەمــەش کاری ڕاگەیاندنــە ئەو بوارانە شی بکاتەوە.

***باســت لە ڕاگەیاندن کــرد، پێت وانییە هەندێك لــە ڕاگەیاندنەکان بە ئەنقەســت جیاوازی بکەن لەنێوان هونەرمەندان دا؟**

_بەڕاســتی دڕکی پــێ ناکەن،تۆ کاتێك هەواڵێك دەنووســیت دەبێت شــیکردنەوەی بۆ بکرێت، بەڵام لــەلای ئێمە ئەوە نییە، کە شــتێك نووســرا دەڕوات،کەسێك نییە بەدواداچوونی بۆ بکات، ئایا بۆچی وەها نووســراوە، بۆچی فلان هونەرمەند باسی عەشــق دەکات بۆ باســی ڕۆمانســیەت دەکات، دەنووســرێت و دوای دووهەفتــە کــەس بەدواداچوونی بۆناکات.کێشــەکە لەوەدایە،شتدەکرێت،ڕیپۆرتاژ دەکرێت،دیمانە دەکرێت،بەڵام کەسێك نییە کۆیان بکاتەوە و دواتر بپرســێت ئایا ڕای گۆڕاوە،ئایا چی بەسەر هاتووە دوای ئەوەندەساڵە.هۆیەکی تریش بۆ گرنگی پێنەدانی ڕاگەیاندنەکان نەبوونی پسپۆڕییە لەو بوارەدا، ڕاگەیاندنی عەرەبــی بەدواداچــوون دەکات بۆ هەموو شتێك،بۆ چیرۆکی تێکستەکە،بۆ چیرۆکی ئەو هونەرمەندە،هەندێك جار شتەکە ناخۆش دەبێت و دێتە ســەر ژیانی تایبەتی،بەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا ئــەوە خزمەتکردنە بە هونەر.

***ئێســتا باس لەهاتنە ناوەوەی ســتایلی عەرەبی دەکرێــت بۆ ناو هونەری کوردی، هەنــدێ کــەس دژی دەوەســتنەوە و هە ندێکیش پشتگیری دەکەن،ئەی هەڵوێستی تۆ چییە؟**

_بە ڕاستی من دژی ئەوە نیم،بەڵام دەڵێم ئەو هونەرە هونەرێکی عەرەبییە،بەڵام دژی نیم، خۆ کێشــەکە تەنیا گۆرانی عەرەبی نییە،خەڵــك هەیە هینــدی دێنێت،کارمان لەسەر ستایلی تورك کردووە،کارمان لەسەر ســتایلی ئەرمەنی کردووە،هونەرمەندانی پێشــتر حەزناکەم باســیان بکەم یۆنانیان هێناوە و شــانازیان پێوە دەکرد،باشــە پێش ئەم قۆناغەی ئێستا خەڵك هەبووە گۆرانی

ئێمە ڕەخنەگرمان نییە لەبواری هونەردا



عەرەبی کاریگەری لەسەر هەبووە،ئەگەر دووورتر بڕۆین مامۆستا باکوری هەست ئەکەین گۆرانی عەرەبی کاریگەری زۆری لەسەر هەبووە،هەروەها شەماڵ سائیب و حەسەن زیرەك و زۆری تر،یان تۆ تەماشای مامۆستا تاهیر تۆفیق بکە هونەرمەندێکی بلیمەتە بەڵام مۆسیقاژەنەکانی عەرەب بوون،عەلی مەردانیش بەو شێوەیە بوو،ئێستا ئەمە کراوەتە کێشەیەکی گەورە. من بۆ خۆشم سوودم لە ستایلی تر وەرگرتووە و ئەوەشی پێوە دیارە، نابێت لەسەر ئەمە بڵێین بۆچی ئەوە لەسەر ئەو ستایلە کاردەکات. من قەت نەم گوتووە کارەکانم سەد لە سەد کوردییە، خەڵك هەیە ڕاپ دەڵێت نابێت ڕێی لێ بگرین، هەیە یۆنانی کردۆتە کوردی بۆ کەس باسی ئەوەی نەکردووە. ئەگەر ئەمە شێواندنی هونەری کوردی بێت ئەوا بۆ هەموو ستایلەکانی عەرەبی و تورکی و یۆنانی وەك یەکە، ئەو کێشەیە زۆر گەورە کراوە،ئێستا من نزیکەی پازدە ساڵە لە سوید دەژیم، دەتوانم بڵێم لە ٨٠٪ی گۆرانیبێژانی سوید گۆرانی بە ئینگلیزی دەڵێن و کار لەسەر ستایلی ئینگلیزی دەکەن، کەمتر لە٢٠٪ی بە سویدی گۆرانی دەڵێن کەسیش گلەیی ناکات بەوەی بۆ بە زمانی ئینگلیزی گۆرانی دەڵێن. لێرە ئەوەندەی هێرش دەکرێتە سەر ئێمە هێرش ناکرێتە سەر ئەوانەی گۆرانی کوردیان بە تورکی یان بە زمانی تر گوتووە. دەمەوێ ئەوەش بڵێم ئێمە ڕەخنەگرمان نییە لەبواری هونەردا، تا ئێستا کەس بایی ئەوەی نەکردووە بۆچی خەڵکانی تر گۆرانی کوردی دەڵێنەوە، یان ئەمە وای لێدێت کە بۆ ئەوان ڕەوایە بەڵام بۆ ئێمە ڕەوا نییە، با لێمان بدزرێت و تاڵانی بکەن بەڵام بۆ ئێمە نابێت. هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەندێکیان وا هەست دەکەن هێشتا ئێمە نەبووینەتە دەوڵەت و کەی بووینە دەوڵەت ئاساییە ئەو شتانە بکەین،خەڵکی تریش هەیە ڕێ بە گەنج نادات قسە بکات و بەو شێوەیە گۆرانی بڵێن.من حەز لەو ستایلە ناکەم ئەگەرنا کارم لەسەر دەکرد،بەڵام چەندین گۆرانیبێژی دیار هەن بەو ستایلە گۆرانی دەڵێن.

***تۆ ئەگەر لەڕێگای گەرانەوەت لەسویدەوە هاتییە تورکیا دواتر گەیشتیە هەولێر،لەو ڕێگایەدا شتێکت گوێ لێ بوو کوردی نەبوو،هەستت کرد سوودی بۆ خۆت و هونەرەکەت دەبێت،ئایا ئامادەی بیکەی؟**

_ بەڵێ بەڕاشکاوی پێت دەڵێم،بەبێ دوودڵیش دەیکەم،هەر شتێك بزانم سوودی دەبێت بۆ خۆم و هونەرەکەم دەیکەم،بەڵام زۆر گرنگە ئاماژەی پێ بکەی.من گۆرانییەکم گوتووە (لێ وەرە لێ وەرە) دوای من عەلی شان وتییەوە کە سێ نەبوو بڵێت بۆ عەلی شان ئەو گۆرانییەی گوتەوە،کەس باسی نەکرد،(گولێ گولێ)م گوتووە جەیلان بە تورکی گوتییەوە،عەلی شان هەر بە تورکی گۆرانییەکەی تری گوتەوە، ئاوازەکە من لە شەریف قەیلانم کڕیوە ئەویش بۆ خۆی وتییەوە کەسێك نەبوو باس لەوە بکات،نەك تەنیا من گۆرانی بێژی تریش هەن کە گۆرانییان گوتراوەتەوە.

***تا چەند لە دوا بەرهەمی خۆت ڕازی بووی؟**

_ بە دڵنیاییەوە دەڵێم سەد لە سەد لێی ڕازی بووم.

***یەکێك لە گرفتەکانی بەردەم هونەرمەندان ئەوەیە کە ئەترسن بەرهەمێك پێشکەش بکەن وەك ئەوەی پێشتری باش نەبێت،تۆ ئەو ترسەت لا هەیە؟**

_ئەگەر ئەو ترسە نەبێت تۆ ناتوانیت کاری جوانتر بکەی،هەرچەند کاری باشتر بکەی ئەو ترسە گەورەتر دەبێت.کۆمەڵێك هونەرمەندی زۆرباش هەن ئێمە دەبێت دان بەو ڕاستییە بنێین هونەرمەندی زۆر باش هاتوتە مەیدانی هونەرەوە،ئەوان شتێك دەکەن و تۆش دەتەوێت شتێك بکەی، گومانم لەوە نییە لە داهاتوودا کەسانێك دەبن لێکۆڵینەوە لەسەر ئەمە بکەن.

تۆ دەبێت لەو سنوورە تەسکەی هونەر دەربچیت،تۆ دەبێت کارێك بکەی کەسێکی تورکیش گوێ لە دەنگت بگرێت، وا بکەی ئەرمەنییەکیش گوێ لە دەنگت بگرێت،عەرەبێکیش گوێ لە مۆسیقا و دابەشکردنەکەی بگرێت.

ئەداکردنیش زۆر گرنگە ڕەنگە ئێستا دەنگخۆشی ئەوەندەی ئەدا کردن گرنگ نەبێت،چۆن گۆرانییەکە دەڵێی زۆر گرنگە،دابەشکردنی مۆسیقایەکە چۆنە،ئەوانەی کاری دابەکردنی دەکەن کێن،ئەوانە کۆمەڵە هۆکارێکی گرنگن،هەموو کاتێك خەڵك نەبۆتە هۆی ئەوەی سەرت بخات،هەر ئەو خەڵکەشە دەتهێنێتە خوارەوە،بەڵام هونەری باش هەر دەمێنێتەوە.

***بەرنامەت هەیە گۆرانی تریش کلیپ بکەی لەبەرهەمە نوێیەکەت؟**

_ بەڵێ لەبەرنامەم دایە و پلانم بۆ داناوە گۆرانی تر کلیپ بکەم،بەدڵنیاییەوە دەیکەم وە بەنیازم گۆرانییەکی خێرا هەڵبژێرم بۆ ئەوەی بیکەم بە ڤیدیۆ کلیپ.

***لەدوای بەرهەمی کەرکوک بەرهەمی داهاتووت چییە؟**

_سەرقاڵی کۆکردنەوەی تێکستی گۆرانی و ئاوازی نوێم، بۆ ئەوەی هەندێکیان هەڵبژێرم ئەوانەی بە دڵی منن، بێگومان منیش لە هەڵبژاردنی گۆرانیدا پرس بە کەسانێکی شارەزا دەکەم ئەوانەی بەرژەوەندی منیان دەوێ لە هەڵبژاردنی گۆرانی و بەرهەمی گونجاو بۆ ئەوەی بە هەمووومان خزمەتێك پێشکەش بە هونەری کوردی بکەین.





**بەنیازم گۆرانییەکی خێرا هەڵبژێرم بۆ ئەوەی بیکەم بە ڤیدیۆ کلیپ**